# جەنگاوەرەكانمان لە نەوسود ... ئاڵای سەركەوتن دەپارێزن





**بەناو ڕێگا پێچاوپێچو بەرزو نزمەكانی نەوسوودا بۆ ئەوەی بگەینە لای كەرتە دلێرەكانی سووپاكەمان كە ئازاو توانادار پێی لەسەر ئەو گردو شاخە بەرزانە چەسپاندوە ئۆتۆمبیلەكەمان تێدەپەڕی ..**

لەگەڵ بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا كە پرشنگەكانی خۆر تێكەڵی بووبوون ئەو ڕێگە دوورودرێژەمان ئەبڕی . . زەوی لەهەموو لایەكەوە هەر وەك ڕایەخێكی سپی ئەو ناوچەیەی نەوسوودی داپۆشیبو . تەنیا ڕێگە سەرەكیەكە نەبێ كە دەچووە لای سەنگەری جەنگاوەرانو شۆفێلو ئۆتۆمبێلچیە عیراقیەكان پاكیان كردبۆوە بۆ ئەوەی بگاتە بارەگای سەربازەكان كە چنگیان لەزەوی گیر كردووەو بەرگری لێدەكەنو ئەو بەفرە كەڵەكە بووەی ناوچەكە خێرالادەبەن .

هێشتا ئۆتۆمبێلەكە ڕێگە دەبڕێو پێچ دەكاتەوەو بەنشێوو هەورازو لوتكەی بەرزدا سەردەكەوێ .. من بیرم لەو كارە سەركەوتوانەی سوارە دلێرەكانی عیراق ئەكردەوە كە دژی دەستدرێژی فارسەكان دەستیان كەوتبوو .. وێنەی قارەمانێتی هەڵكەوتوو وەك شریتی سینەما دەهاتە بەرچاوم .. لێرەوە هێزەكانمان كەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی لە هێزی خراپەو بێویژدانیو كفر بدەن .. لێرەوە ڕێچكەی هێرشی پیاوە پاڵەوانەكانمان كشاو لە قوڵایی زەوی فارسی دەستدرێژكارو بێمێشكەكاندا لێیدەدات . . شەڕەكان لەهەموو لایەك لە قازانجی سوپاكەمان بوو هەڵوێستی شەرەفمەندیو كەرامەت لەناوچەوانی سەربازە عیراقیە سەركەوتووەكان ئەدرەوشانەوە . . وێنەی ئەو سەركەوتنە گەورەیەی كە بەسەر فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمنماندا لە یادا نەخش دەبوو ..

مرۆڤ دەپرسێ چۆن هێزەكانمان توانیان ئەو لوتكە بڵندو چیا بەرزانە بگرن كە هێزەكانی فارسی دوژمن سەنگەریان تیانا لێدابوو ئەو بەرزاییو شوێنە بایەخدارانەیان گرتبوو ؟ چۆن سوارەكانی عیراق توانیان ئەو دەستانە ڕاوبنێنو شوێنیان كەونو بەسەریاندا سەركەونو ئەم سەركەوتنە مەزنە بەدەست بهێنن ؟ كە ئەمەش بۆ ڕۆڵەكانی عیراق بەرزیەو مێرو بەوشەی پرشنگدار ئەینوسێتەوە بەزەوی بەرزو نزمو پێچاوپێچدا ڕۆیشتین كە درەختی بچووك داپۆشیبوونو لەناو بەفری كەڵەكەبووی ئەو دۆڵەدا كە دەمانبڕی بۆ ئەوەی چەند هەورازێكی تر ببڕین تاوەكو بگەینە سەربازە تۆپهاوێژەكانی ئەم هێزەو بەیەكێ لە كەرتە سەربازیە دلێرەكانی بگەین درەختەكان تەنیا هەرسەریان بەدەرەوەبوو .

## دوژمنی تۆقیو

لەم شوێنەدا جەنگاوەری پاڵەوان عبدالوهاب عبدالرزاقمان بینیو دوای ماوەیەكی كەم لەسەنگەرەكەیدا دوای خواردنەوەی چاو میوە خواردن پێكەوە هاتە سەر ئەوەی باسی ئەو دەورەمان بۆ بكات كە تۆپەكان لە جەنگی نەوسوودی ئەم دوایەدا لە سەرەتای مانگی كانوونی دووەمی ڕابووردوودا بوو كە فارسی دوژمن زیانێكی زۆری بەسەربازو كەلوپەلەوە لێكەوتو چۆن پاڵەوانەكانی عیراق سەركەوتنێكی مەزنی نایە سەر ئەو سەركەوتنە گەورانەی كە لەوەوپێش وەدەستیان هێنابوو .. جەنگاوەر عبدالوهاب عبدالرزاق بەرامبەر بەو دەورەی كە تۆپەكان لەم شەڕەدا گێڕاویانە دەڵێ :- لەو شەڕەدا كە بیست سەعاتی بێوچانی خایاند تۆپەكان لە مۆڵگەكانی دوژمنو لەو شوێنە بایەخدارانەی دەدا كە دوژمن دەستی بەسەریاندا گرتبووو توانیمان بەهۆی لێدانی تۆپەوە كە یەكسەر بۆسەر شوێنەكانی بوو بیانتۆقێنین . . دوژمن ویستی ڕێگەی یارمەتیدان لە كەرتەكانی پێشەوەمان بگرێ بەڵام بۆردوومان كردنی خەستو چەسپاوی سەر مۆڵگەكانیان نەیهێشت ئەم ئاواتە چەپەڵەیان بێتە دی..

لەم جەنگەدا جەنگاووەرە دلێرە تۆپهاوێژەكان دەستوبردێكی باشیان كردو بە گیانێكی جەنگاوەری بەرزو گورجوگۆڵیەكی گەورە كاریان دەكرد .

بۆ جێبەجێ كردنی پێویستیەكانی سەرشانیانو كارەكانیان بەوردیەكی خواستراوو توانایەكی بڵندەوە پێشبڕكێیان لەبەكتری دەكرد .

بە قوربانی دانو بەخشندەیی توانیمان ئاواتەكانی دوژمن لەناوبەرینو سەركەوتنی نوێ لەم كەرتەدا وەدی بهێنین .

## گرتنی ڕێگەی یارمەتی گەیاندن بەدوژمن

تۆپهاوێژە دلێرەكان توانیان بەرەكانی دوژمن لەیەك جیا بكەنەوەو نەیەڵن یارمەتیان بگاتێو دوای ئەوە هێرش بردنە سەر شوێنو مۆڵگەكانیان دەستیپێ كرد .. ئەنجامی ئەوە دوژمن پاشی ئەوەی كە زیانێكی گەورەی لە كوژراوو برینداروو چەكو كەلوپەلو ئامێر لێكەوت شكانو لە دۆڵو نشێوو چەمەوە بەشوێنیانەوە بوون .

جەنگاوەر حسین علیو هەندێ جەنگاوەرانی كە وەك غالب هاشمو عبدالباری نجمو زهیر عبدالنبیو عواد سوادیو هاشم كریم كە پێیان گەیشتین وتیان ئەو كلپەی ئاگرەی كە تۆپەكانمان دروستیان دەكرد بەسەر ئاگری تۆپەكانی دوژمندا سەركوتو بێدەنگی كردن..

ئەو شوێنانەی دوژمن دەستی بەسەردا گرتبوون دوای ئەوەی كە تۆپهاوێژە ئازاكانمان كە سووربوون لەسەر تێشكانی دوژمنو لەناوبردنیان یەك بەدوای یەكدا كەوتنو كە ئێستاش هەموو ڕۆژێ ژمارەیەكی زۆر كوژراوو بریندارو چەكو ئازووقەی لێدەكەوێ . تۆپەكانمان لە نەوسوددا دوژمنی لە لوتكەو شوێنەكانیاندا هەڵكەندو ئیستاكە شوێنە بایەخدارەكانی ئەم ناوچەیەو لا سەرەكیەكانی ئەم بارەگایە بەدەست تۆپەكانی خۆمانەوەیە لەگەڵ دەركەوتنی تیشكی خۆردا ئەو شوێنە بەجێ دەهێڵین كە لێی بووینو كە ماڵئاوایی لە جەنگاوەرانی دلێری تۆپەكان دەكەین . . دوو جەنگاوەری بەشی ئاراستەی سیاسیمان لەگەڵدا هاتن كە موسی محودو حسن رشید بوونو لەگەڵ ئەواندا ڕۆشتین بە مەبەستی ئەوەی لای جەنگاوەرانی ئەندازیاریە ئازاكانمان كە پاككردنەوەی ڕێگەو سەنگەرەكانی سەرلوتكەو شوێنەبەرزە بەفر داپۆشیوەكانیان گرتبۆە ئەستۆ . . دەورێكی گەورەیان هەبوو بۆ گەیشتنی یارمەتیو خواردەمەنی بۆ هێزەكانی لای پێشەوەمان .





Institut Kurde de Paris

